وەزیری نەوتی عێراق: گفتوگۆکان بەردەوامن لەبارەی هێناردەکردنی نەوتی هەرێم



وەزیری نەوتی عێراق رایگەیاند، بۆ هێناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان گفتوگۆکان بەردەوامن و نزیکین لە ڕێککەوتن.

حەیان عەبدولغەنی وەزیری نەوتی عێراق لە کۆنفرانسکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، لە دانوستان و گفتوگۆکان لەگەڵ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان بەردەوپێشچون و لە ڕێککەوتنی هێناردەکردنەوەی نەوت نزیکبونەتەوە.

ئاماژەی بەوەشکرد، دەستپێکردنەوەی هێناردەی نەوتی هەرێم پێیوستێ بە دەستپێکردنەوەی بەرهەمهێنان لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان، گفتوگۆکانیش وای نیشان دەدەن لە داهاتویەکی نزیکدا بگەن بە چارەسەر